# هونەرمەندان چۆن کەرەنـ

**بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا دۆخێکی نوێی هێنایە کایەوە بەجۆرێك سەرتاسەری جیهان بۆ ماوەیەکی زۆر کەرەنتینەیان ڕاگەیاند و خەڵك ناچار کرا کە لە ماڵەکانی خۆیان بمێننەوە، بەمەش زۆربەی**

## دەرهێنەر لوقمان غەریب: کاتێکی زۆرم بە دەستشۆردنەوە ڕۆیشت، کە واهەستم دەکرد ئەمە دەست شۆردنە لە ژیان

دەرهێنەری ناسراوی کوردستان لوقمان غەریب: لە راستیدا هەفتەی یەکەم وەك تێبینیم کرد، بۆ هەمووان وەك دەڵێن حاڵەت و شوکێکی سەیر و پڕ پەنهان بوو؟! چونکە دۆخەکە تەنیا لەوەدا نەوەستا کە پەتایەکە و دەبێ خۆتی لێ بپارێزییت، بەڵکو مەترسییەکە لەگەڵ خۆییدا ڕەشبینی و بێهیوایی و تائەندازەیەکی زۆریش دڵەڕاوکێ و نیگەرانیی هێنا، ئەم حاڵەتە وای لێکردیین کە زۆرترین کات و زیاتر خەریکی سەیری تیڤییەکان و گوێگرتن لە هەواڵەکان و گەڕان بەناو لاپەڕەکانی ئەنتەرنێتدا بین، من خۆم هەفتەی یەکەمم ئاوەها بەڕێکرد، ئەمە جیا لەوەی کاتێکی زۆری بە دەستشۆردنەوە ڕۆیشت، کە من خۆم واهەستم دەکرد کە ئەمە دەستشوردنە لە ژیان و ئیتر مەترسییە گەورەکە و لافاوە گەورەکەیە، بەڕاستی هەستێکی زۆر سەیر بوو، کە سوور بزانیت جیهان و مرۆڤایەتی لە بەردەم هەرەشەیەکی شاراوەی تۆقێنەر و وێرانکەر و کوشندەی بێ چارەسەردایە، بەڵام وەك سرووشتە ئەزەلییەکەی مرۆڤ و بەتایبەت بۆ ئێمەی کوردیش کە زوو خۆشەی نەهامەتی و ناخۆشییەکان دەبین و لەگەڵ مەترسییەکاندا ڕادێین و خۆمان دەگونجێنین، وردە وردە ڕاهاتم و دۆخەکەم بۆ ئاسایی بووە، بەخۆمم گوت یەڵا دنیا مردنە و کەی هات با بێت کێشە نییە، ئێ ئاخر بۆ کەسێکی وەك من مانەوە لەماڵ و کەرەنتینە و گۆشەگیری و تەنیایی و ئەو جۆرە شتانە ئاسان و ئاسایی بوو، چونکە من سەدان ڕۆژم لە پشت دەرگا قوفڵدراو و شیشە ئاسنینە ڕەشەکانی زیندانی بەعسدا بە شەو بەسەر بردووە، ئێ هەر من ۳۰ ساڵ پێش هاتنی کۆرۆنا ناوی کەرەنتینەم بیست و پاش دەستگیر کردنم لە تورکیا چەندین ڕۆژ و هەفتەم لە کەرەنتینەی تورکەکاندا لە ئانکەرا و سلۆپی بەسەر برد، بۆیە لەگەڵ کەرەنتینە زوو راهاتمەوە.

پێش کۆرۆناش دەیان ڕۆژ و هەفتە و مانگم بە تەنیا لەسەر ئەم مێزە و بەدیار ئەم کاغەزانەوە بەسەر بردبووە و خۆم بڕیاری گۆشەگیرکردنی خۆمم داو بوو، بۆیە ئێستا زۆر ئاسانە، چونکە دۆخەکە گشتی و جیهانییە و کەسی لێ بەدەر نییە، وەك دەڵێن (الحشر مع الناس عيد).

لەناو کاغەزە کەڵەکەکراوەکانی سەر مێزی ئۆفیسەکەمدا کەوتمەوە پیاچوونەوە بە چیرۆك و سیناریۆ و دیالۆگ و بینراوەکانی فیلمنامەی هەردوو بەرهەمی نوێم «ئەوین لە ژێر باڵی تاریکیدا» و «گوڵەکان ناگەشێنەوە» کە بە نیاز بووم لە تەڕ و گەشاوەیی بەرهارەدا بەرهەمیان بهێنم، بەڵام کۆرۆنای نەفرەتی نەیهێشت و ئاوا مەحکوومی گۆشەگیرییەکی پڕ لە ترس و پرسیاری کردین، ئیدی تێگەیشتم گەر بۆ راکردنیش بێت لە واقیعە تاڵەکە، تەتەڵەکردنی چیرۆك و ناوەڕۆك و کەسایەتی و دیالۆگ و هێڵە دراميیەکان و کەشە سۆزدارییەکانی ناو هەردوو سیناریۆی فیلمنامەکان کارێکی پێویستە، بۆیە جارێکی دیکە تەواو ژێروژوورم کردنەوە، بەو ئومێدەی گەر کۆرۆنا بهێڵێت و عومر باقی بێت، دوای ئەم قوناغ و دۆخە هەستیار و جێی پرسیارە، بەرهەم بێن و ببنە فیلم.

ناو بەناو سەردانێکی سەرپێی بۆ ناو باخچە بچکۆلانەکەم و هەڵمژینێکی هەوای پاك و بێگەردی تەڕی بەهاری و خۆخەریککردن بە گوڵ چاندن و ئومێد و هیوا ڕەواندن و بەخۆدا چوونەوە لەهەموو ئەو ئاکار و هەڵوێستانەی کەپێش ئەم سەردەم و قۆناغە نۆێیەی کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پێناسە و دنیابینییەکی دیکەی دروست کرد، ئەمانەش هەر بەشێکن لەم سەردەم و ڕۆژگارە تاڵە.



# تینەیان بەسەر برد

**چالاکییەکان وەستان، بەتایبەتی چالاکییە هونەرییەکان، هونەرمەندانی کورد هەریەکەوە بەجۆرێك ئەو کاتەیان بەسەر برد، کە لەم بەسەرکردنەوەی گوڵاندا باسی دەکەن.**


## هونەرمەند زاهیر عەبدوڵا: لە ڕۆژانی کەرەنتینە کتێبخانەکەم ڕێکخستەوە و کاتێکی زۆریش لەگەڵ شیرین و شادی بەسەر برد

هونەرمەند زاهیر عەبدوڵلا: سەرەتا دەبێ بڵێم لەبەر ئەوەی من نەخۆشم و ماوەیەك بەر لەپەیدابوونی ئەم پەتا کوشندەیە نەشتەرگەریی بڕینی گرێی شێرپەنجەم بەسەرکەوتوویی بۆ ئەنجامدرا، واتە لەشی من و تەمەنەکەم، لەچاو کەسێکی ئاساییدا پتر مەترسیی توشبوونی ئەم پەتایەی لێ دەکرێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە بەتەواوەتی پابەند بووم بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندرووستی و ناوخۆ و دەزگا تەندروستییەکان، بەڵام لەبەرئەوەی من چارەسەری نەخۆشییەکەم لە نەخۆشخانەی رزگارییە، سەرەتا بەوەرگرتنی دەرزیی کیمیایی و پاشتریش بە وەرگرتنی چارەسەری لیزەر کە دەبێت هەموو بەیانیان جگە لە ڕۆژانی پێنج شەممەو هەینی، لە نەخۆشخانەی رزگاری ئامادەبم، کە دەبێت بڵێم من وەك نەخۆشێك زۆر سوپاسی کارمەندان و پزیشکەکانی هەردووبەشی گرێی شێرپەنجەو لیزەر دەکەم، کە بەڕاستی دڵسۆزانە لەم بارودۆخە ناجۆرەدا لە خزمەت نەخۆشەکانیانن، خوای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

کە لە نەخۆشخانەش دەگەڕێمەوە بۆ ماڵ، پاش فڕێدانی دەمامك و دەستەوانە لە شوێنی تایبەتی، ئیدی دەچمە ناو کتێبخانەکەم لە نهۆمی دووەم، چونکە کتێبخانەکەم هەر لە سەرەتاوە زۆر نارێك و بێسەروبەر بوو، ڕۆژانە دوو سێ سەعات بە ڕێکخستن و تۆمارکردنی کتێبەکانمەوە بەسەر دەبەم، وەکی دیش سەعاتێك مژوولی فەیسبوك و گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕێیانم لەم تۆڕە کۆمەڵایەتییە بەڕێ دەکەم، پاشتر سەعات هەشتی ئێوارە بەدیار هەواڵەکانی TV دەگوزەرێنم و دواتر کاتژمێر دە بەدیار درامای دۆبلاژکراوی تەلەفزیۆنی سپێدە بەناوی (ستایش) دادەنیشم، کە بووە سەعات یازدە چاو دەدەمە بەرنامەی (کۆڤید ١٩) و گوێم لە هەرسێ دکتۆری خۆشەویست (د. ئاراس برادۆستی و د. ڕێبین زیخانی و د. عەلی بەرزنجی) دەگرت لە TV ڕووداو، پاشتر ماوەی نزیکەی یەك کاتژمێر وەرزشێکی سادە و ساکار ئەنجام دەدەم، پاشان بۆ سەر پێخەفی خەوتن و ماوەیەك خەریکی فەیسبوك دەبووم و ئیدی خەو دەمباتەوە.

ئەمە جگە لەو کاتانەی کە دەرفەت درووست بێت لەگەڵ شیرین و شادی دادەنیشم و قسەی خۆش و یادی ڕۆژانی خۆشی بەر لە نەخۆشییەکەم و هاتنی کۆڕۆنای دڕندە دەکەین، ئیدی بەم شێوەیە ڕۆژەکانی کەرەنتینە بەسەرم برد.

زۆر سوپاس بۆ هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن، هەروەها سوپاس بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەر لە سەرەتاوە کوردانە و جوامێرانە دژ بە ڤایرۆسەکە ڕێوشوێنی گونجاوی گرتە بەر، بەهیوای سەلامەتی بۆ هەموو لایەك.



# باڵای نیکۆڵ کیدمان گ



بەرزیی باڵا یەکێکە لە تایبەتمەندی و پێوەرەکانی جوانی بۆ ئافرەتانی هونەرمەند، بەتایبەتی بۆ خانمە ئەکتەرەکان، بەڵام نیکۆل کیدمان رایەکی جیاوازی هەیە و دەڵێ لە تەمەنی هەرزەکاریدا باڵام گرفتی زۆری بۆ درووستکردووم.

نیکۆل کیدمان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری (Glamour)ی بەریتانی دەڵێ: «هەرچەندە لە تەمەنی هەرزەکاریشدا زۆر کەس ئیرەییان بە باڵای من دەبرد و بە ئاشکرا هیوایان دەخواست کە هەمان باڵایان هەبێت، بەڵام من هەستم بە دڵەڕاوکێ و نائارامی دەکرد، بەتایبەتی لە تەمەنی (١٣)ساڵیدا بەهۆی باڵامەوە ترسێکی زۆرم لێ نیشتبووە، هەرچەندە زۆر کەس دڵنەواییان دەدامەوە، بەڵام بۆمن جیاواز بوو، باڵابەرزی ببوە هۆکارێك بۆ ترس و بڕوا بە خۆ نەبوونم».

## سەلما حایک دەربارەی جوانییەکەی چی دەڵێت

ئەستێرەی سینەمایی سەلما حایك لە بارەی خۆیەوە دەڵێت کە سەرەڕای ئەوەی خاوەن جوانییەکی زۆرە، بەڵام ئەگەر هەوڵی زۆریش بۆ ئەوە بدات کە جوانتر بێت و چەندی دیکەش جوان بێت،هەر ناتوانێت بگاتەوە ئەو ئاستەی ئێستای لە جوانیدا.

سەلمای حایك کە بە جوانییە سەرنجڕاکێشی ناسراوە، لە دیمانەیەکی رۆژنامەوانیدا گوتی: «من دەزانم کە خەڵك پێیان وایە من جوانم، بەڵام هیچ کاتێك هەوڵم نەداوە وەك پێویست جوان بم، یان هەوڵی خۆجوانکردن بدەم، هەرچەندە دەتوانم بە ئەنجامدانی وەرزشی زیاتر و دوورکەوتنەوە لە خواردنی شیرینی و خواردنەوە کهولییەکان زیاتر لە ئێستاش جوانبم، هەروەها لە توانامدا هەیە هەوڵی زیاتر بدەم، بەڵام هیچ کاتێك لە ژیاندا جوانی و خۆجوانکردن لە کارە پێشینەکانی من نەبووە، ئەگەرچی پێموایە گرنگ و پێویستیشە».



سەلما ئامۆژگاری ئەو کەسانەی کرد کە لە ژیاندا کامەران و دڵخۆش نین و لە شێوە و روخساری خۆیان رازی نین، لەوبارەیەشەوە دەڵێت: « بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکانتان لە ژیاندا، پێویستە بە روخساری خۆتان رازی بن و تەقەبولی بکەن و خۆشتان زۆر خۆش بوێ، بێ ئەوەی گوێ بە قسەی کەسانی دیکە بدەن».

سەرچاوە: البوابە

## رفتی بۆ درووستکردووە

کیدمان لە درێژەی دیمانەکەدا دەڵێ: «من کچە هەرزەکارێکی سەرەڕۆ بووم و گوێڕایەڵ نەبووم، بەڵام لە هەمان کاتدا هەستم بە ترس و نارامی دەکرد، چونکە باڵام زۆر بەرز بوو، بە جۆرێك لە تەمەنی (١٣)ساڵیدا لە یەك مەتر و نیو باڵام زیاتر بوو».

جێگای وەبیرهێنانەوەیە، زۆر لە خانمە ئەکتەرەکان لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا باسی باڵای کیدمانیان کردووە، بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتن لەگەڵیدا ئەوان زۆر کورت دەرکەوتوون بەراورد بە باڵای کیدمان، لەوانەش ڤیکتۆریا بێکهام و کیللی مینۆگ، هەروەها تۆم کروزی هاوسەری پێشووی کیدمان ئەویش بەدەست باڵای کیدمانەوە دەیناڵاند، بەتایبەتی لە بۆنە فەرمییەکاندا.

سەرچاوە: ئیلاف



## ئیما واتسۆن پێویستی بە پیاو نییە

خانمە ئەکتەری ناسراوی ئەمریکی و پاڵەوانی زنجیرە فیلمی (هاری پۆتەر) واتسۆنی ئیما لە دیمانەیەکدا ئاشکرای کردووە کە لە ژیاندا ئاسوودەیە و پێویستی بە کەس نییە بۆ ئەوەی ژیانی خۆش بکات.

ئیما دەڵێ: «جیا لەوەی زۆر کەس باسم دەکەن، یان وا هەست دەکەن کە من لە ژیاندا ئاسوودە نیم، پێیان دەڵێم من زۆر دڵخۆشم لە ژیاندا و پێویستم بە پیاوێك نییە بێتە نێو ژیانمەوە بۆ ئەوەی خۆشی بکات، چونکە من هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەم، پێموایە زۆر ئاساییە ئەگەر ئافرەت تا تەمەنی سی ساڵیش بە سینگڵی بژی، تەنانەت ئەگەر ئەو ئافرەتە ئەکتەریش بێت هیچ گرفتێك درووست نابێت».

ئیما لە بەشێکی دیمانەکەدا باسی لە هەستی خۆی کرد لە کاتێکدا بە سنگڵی دەژی، لەوبارەشەوە دەڵێ: «بەر لە ماوەیەك هاوڕێیەکم باسی ئەوەی بۆ کردم کە لە ژیانی سینگڵیدا زۆر ئاسوودەیە و هەست بە هیچ نائارامییەك ناکات، من ئەو کاتە ئەم قسانەم زۆر پێ سەیر بوو، بۆیە کاتێکی زۆری ویست تاکو توانیم لەو رووەوە بیروڕای خۆم بگۆڕم، ئێستاش بە ژیانی سینگڵی زۆر زۆر خۆشحاڵم».

جێگای سەرنجە کە ئیما یەکێکە لە خانمە ئەکتەرە سەرکەوتووەکان کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن کەس هاوبەشی هەیە.

سەرچاوە ( CNN )

# کەرکووک
# عەلی مەردان لە ئامێز دەگرێتەوە

**پێم وا نییە خوێنەر هیچ پێویستی بەوە بێت، ئێمە عەلی مەردانی پێ بناسێنین، ئەم هونەرمەندە لە نێو میراتی ستران و مووزیکی کوردیدا، بۆ خۆی ناونیشانێکی دیار و بەرجەستەیە، نەتەوەیەك شانازی بەوەوە دەکات کە مامۆستای هەرە بەڕزن بڵندی مەقام لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا عەلی مەردانە.**

تاریق کارێزی

ئەنسکلۆپیدیایەکی ئەلیکترۆنیی جیهانی بەم چەشنە پێناسەی ئەم هونەرمەندە دەکات: «عەلی مەردان هونەرمەندێکی کوردە، ساڵی ١٩٠٤ لە شاری کەرکووك لە گەڕەکی بەرتەکیە لە دایکبووە، بە درێژایی ٣٥ ساڵ لە کاروانی هونەریی خۆیدا، پتر لە هەزار گۆرانی (مەقام و بەستە)ی چڕیوە و ڕۆژی ٢٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٨١ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی شێخ محێدین لە کەرکووك لە نزیك ئەو گەڕەکەی کە تێیدا لەدایکبووە، هەر لەوێ نێژراوە». وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك ڕێزگرتنێك لە پاشای مەقام، پشتیوانیی لە دروستکردن و دانانی پەیکەری عەلی مەردان کرد، پەیکەرتاش و نیگارکێشی هەرە دیاری کەرکووکیش (سامان ئەبووبەکر) ئەرکی دروستکردنی ئەو پەیکەرەی گرتە ئەستۆ، بۆ دانانی پەیکەرەکەش چەند شوێنێك پێشنیار کران، دواجار گەڕەکی بەرتەکیە واتە شوێنی لەدایکبوونی عەلی مەردان کە نزیکەی ٣٠٠ مەتر لە قەڵای کەرکووکەوە دوورە، یەکێك بوو لەو شوێنانەی پێشنیار کرا پەیکەرەکەی لێ دابندرێت، سەرەنجام زۆربەی کەسایەتییەکان و لایەنانی پەیوەندیدار ئەوێیان بە پەسند زانی، تا یەیکەرەکە لە گەورەترین دامەزراوەی کولتوور و هونەر لە شارەکەدا، لە (سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك) دابندرێت. ڕۆژی ٨/کانوونی یەکەم/٢٠٢٠ لە ڕێوڕەسمێکی فەرمی و جەماوەریی گەورەدا، بە لای ڕاستی دەروازەی سەرەکیی سەنتەری ڕۆشنبیریی کەرکووك، پەردە لەسەر پەیکەری عەلی مەردان لا درا. لەوە دەچێت بەرزیی پەیکەرەکە هێندەی بەرزیی بەژنی ڕاستەقینەی پاشای مەقام (عەلی مەردان) خۆی بێت کە ١٧٥ سم بەرزیی پەیکەرەکەیە، بنگەی پەیکەرەکەش بە هەمان ئەندازەی بەرزییەکەی (١٧٥ سم)ـە، بەم جۆرە پەیکەرەکە بە بنگەکەیەوە (٣،٥) مەتر بەرزە و لە مەڕمەڕی دەسکرد دروست کراوە. مۆدێلی پەیکەرەکە بە چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباغەوە دروست کراوە، چونکە عەلی مەردان زۆربەی گۆرانی و مەقامەکانی بەم شێوە جلوبەرگەوە





گوتووە، بۆیە دەبینین پەیکەرەکە مایکێکی ئەو سەردەمەی بە دەستەوەیە کە پاشای مەقام گۆرانی و مەقامی تێدا چڕیوە. سەنتەری رۆشنبیریی کەرکووك کە پەیکەرەکەی لە ئامێز گرتووە، کەمتر لە یەك کیلۆمەتر لە شوێنی لەدایکبوون و ئارامگەی عەلی مەردانەوە دوورەوە، رەچاو کردنی وابەستەیی نێوان سێکوچکەی (شوێن و کەس و پەیکەر) سەنگێکی واتایی گەورە بە پرۆژەی هونەریی لەم جۆرە دەدات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە ماڵ، یان مۆزەخانەیەکی تایبەت بە عەلی مەردان، بە هەماهەنگی لەگەڵ بنەماڵەکەی لە شاری کەرکووك دابمەزرێت، هەر ئەو ماڵ یان مۆزەخانەیەش دەکرێت ببێتە ناوەندێك بۆ هونەری مەقام، بە تایبەتی کە ئێستا هونەری مەقام لە کەرکووك رووبەڕووی دۆخێکی نائاسایی بووەتەوە و بە دەست بێکەسی و بێنازییەوە دەناڵێنێت. لەم شارەی کوردستاندا مەقامخوێن و مەقامناس و مەقامزان زۆرن، بەڵام نەبوونی ناوەندێك کە هەموان لە ئامێز بگرێت و باوەش بۆ بەهرە و توانای تازە بکاتەوە، زیان بەم هونەرە بەرزەی کورد دەگەیەنێت و بەهرە و تواناکان پەرتەوازە دەبن، هەندێکیان لە عەشقی مەقامچڕین سارد دەبنەوە و بەهرەکەیان دەپووکێتەوە، ئەوانەشی لە عەشقی مەقامدا درێژە بە چڕینی دەدەن، دەرفەتی پێشخستن و زیاتر بووژاندنەوەی بەهرەکەیان نابێت. رووی داوام لە کەس و لایەنی دڵسۆز بەم هونەرەیە، هەروەها دەکرێت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش هاوکار و پشتیوان بێت بۆ پاراستنی هونەری مەقام و گەشە پێدانی لە نێو ئەو شارەی کە لە سەرانسەری کوردستانی مەزندا، کانگای مەقام و مەقام خوێندنە. دانانی پەیکەری عەلی مەردان بە پشتیوانیی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، دەسکەوتێکە کە وەزارەت مافی خۆیەتی شانازیی پێوە بکات، هەموو ئەو کەس و لایەنانەی پەیوەندییان بە هونەری مەقامەوە هەیە، دەکرێت شانازیی ئەوەیان پێ ببڕێت کە مۆزەخانە: یان ماڵێك بە ناوی عەلی مەردان بکەنەوە، ئەو ماڵ و مۆزەخانەیەش ببێتە چەترێك و هەموو بەهرەدارانی مەقام لە ئامێز بگرێت، یان ببێتە ناوەندێکی توێژینەوە و پێگەناندن لە بوارەکەدا.